# ٤ـ پەلیكانی

پەلیك : داریكە بە ئەستورایی پەنجەی نیوان ، دریژاییەكەشی لە بستیك كەمترە ، هەر دوو سەری بە راستو چەپ تەنك ئەكریت بۆ ئەوەی بكەویتە سەر زەوی سەریكی بۆشایی بیت .

دار پەلیك : داریكە بە ئەستوورایی پەلیك ، دریژاییەكەشی لا بالْیك ئەبیت ، بۆ لیدانی پەلیكەكە بەكار دیت .

## ئەم یاری‌یە دوو جورە

## ـــ أ ـــ

« ٢ ـ ٢٠ » مندالْ تیدا بەشـــدار ئەبن ، ئەبن بە دوو بەشی وەكوو یەك ، ئەم دوو بەشە « تەزو هیشكانی » ئەكەن كامیان سەركەوێ دەس بەیاری ئەكەن ، بەشەكەی تریش ئەچنە بەرەوان كە « ٦ ـ ١٠ » هەنگاو لە « قزگە ٠ » كە دوور ئەبنەوە بەرانبەریا ئەوەستن .

---

٠ قزگە : قولێكی بە دریژایی‌و ئەستوورایی دوو پەنجەیە لە زەوی ئەكولدری .

یەکێك لە بەشە سەرکەوتوەکە ئەبێت بە وەستا ، پەلیکەکە بە بەرینی دائەنێتە سەر قزگەکەو نووکی دار پە ـکەکە لە ناو قزگەکەوە ئەخاتە ژێر پەلیکەکەو بە هێز پەلیکەکەی پێ هەل ئەدات بۆ لای منداڵەکانی بەشەکەی‌تر کە لە بەرانبەریا وەســـتاون . ئەگە منداڵەکان پەلیکەکەیان لە ئاسمانەوە گرتەوە پیش ئەوەی بکەوێتە سەر زەوی ئەوا وەستاکە لە یاری‌کردنا ئەکەوێت ، منداڵێکی‌تر لە هاوبەشەکانی ئەبێت بە وەستا ، ئەگەر پەلیکەکەی ئەویشیان لە ئاسمانا گرتەوە ئەوا یەکێکی‌تر هەر لە هاوبەشەکانی ئەبێت بە وەستا ـ بەم جورە یەکە یەکە هەتا بەشە سەرکەوتوەکە هەموویان هەر یەکە یاری خۆی ئەکات‌و دەرئەچێت ئنجا بەشەکەی‌تر ئەبن بە وەستا . ئەم بەشەشیان ئەچنە بەرەوان .

بەلام ئەگەر پەلیکەکە لە ئاسمانا نەگیرایەوە ئەوا هەتا لە جوولە نەکەوتبێ بە پێ یا بە دەس هەر لێی ئەدەن‌و بۆ لای قزگەکە نزیکی ئەخەنەوە تا لە جوولە ئەکەوێت ئەنجا لەم جێگایەوە کە وەستاوە یەکێك لە منالەکانی بەرەوان هەڵی ئەدات بۆ قزگەکە کە دار پەلیکەکە بە بەرینی لە ـەر دانراوە ، ئەگەر بە دار پەلیکەکە کەوت وەیا کەمتر لە درێژایی دارەکە لە قزگەکە نزیك کەوتێتەوە ئەوە وەستا لە یاری‌کردنا ئەکەوێت بەلام ئەگەر بە دارەکە نەکەوێت‌و لە درێژایی دارەکەش زیاتر لە قزگەکە دووربێت ئەوا وەستا پێنج جار بە دارەکە لە سەری

پەلیکەکە ئەدات‌و لە زەوی‌یا بەرزی ئەکاتەوەو هەتا بتوانی بە هێز دارەکە لە پەلیکەکە ئەدات‌و لە قزگەکەی دوور ئەخاتەوە کە هەر پینج جار تەواو بوو ئەنجا دووری پەلیکەکە لە قزگە چەندین بە دار پەلیکەکەی پیون جا چەند داریت هەندەیان بۆ ئەژمێرن . وە هەمیشـــە وەستا دەس بە یاری‌یەکە ئەکاتەوە لە سەرەوە هەتا بەشیکیان [ تەغار ° ] تەواو ئەکەن‌و سەر ئەکەون . بەلام ئەگەر وەستـا جاریك لەو پینج جارەی کە دارەکە بۆ پەلیکەکە ئەوەشێنیت لە سەر زەوی‌یا « خوت » بکات وانە « دارەکە بە پەلیکەکە نەکەویت » ئەوا وەستا لە یاری کردنا ئەکەویت‌و یەکیکی‌تر لە هاوبەشەکانی لە سەریەوە دەس بە یاری‌یەکە ئەکاتەوە ، ئەگەر خۆشی دووا کەس بیت لە هاوبەشەکانی کە دەستی بە یاری کردبوو ئەوا بەشەکەی‌تر ئەبن بە وەستاو ئەم بەشەش ئەچنە بەرەوان .

## ــــ ب ــــ

دوو منداڵ ئەم یاری‌یە ئەکەن ، یەکیکیان ئەبێ بە وەستا وە لە سەر قزگەکە ئەوەستی‌و پەلیکەکە زیاتر لە بەژنیك

---

(°) تەغاز : ژمارەیەکە منداڵەکان دیاری ئەکەن کە بە زوری لە ( ۱۰۰۰ ) ە وەیا چەندی منداڵەکان لە مەیانی خویانا قسەیان لە سەر کردبی .

بۆ دووری قزگەکە هەڵ ئەدات‌و بە منداڵەکەی‌تر ئەڵێت :
ئەگە ؟ ئەویش هەر دوو پێ‌یەکانی ئەخاتە سەر قزگەکەو خۆی
لە سەر زەوی درێژ ئەکات ، ئەگەر دەستی گەیشتە پەلیکەکە
هەلی ئەگرێتەوەو ئەڵێت : ئەگە . وە خۆی ئەبێت بە وەستاو لە
سەریەوە دەس بە یاری‌یەکە ئەکاتەوە . بەلام ئەگەر نەگاتە
پەلیکەکە وەیا بزانێت کە نایگاتی ئەوا ئەڵێت : نەگە . وەستاکە پێی
ئەڵێت: کاکت دەگە ئەمجا لە سەر قزگەکەوە دار پەلیکەکەبۆ پەلیکەکە
هەڵ ئەدا ، ئەگەر لێ‌ی نەدا لە وەستایی ئەکەوێت‌و ئەوەی‌تر
دەس بە یاری ئەکات لە سەریەوە ، ئەگەر لیشی بدات ئەوا
پێنج جار لە سەر زەوی‌یا بە دار پەلیکەکە لە پەلیکەکە ئەدات‌و
هەر جارەی پەلیکەکە لە زەوی بەرز ئەکاتەوەو لە ئاسمانەوە
بە هێز بە دارەکە لە پەلیکەکە ئەدات‌و لە قزگەکەی دوور
ئەخاتەوە ، بەم پێنج جارە پەلیکەکە چەند لە قزگەکە دوور
کەوتبێتەوە ئەم بەینە بە دار پەلیکەکە ئەپێون چەند دار بێت
هەندە ژمارەیە بۆ وستاکەیە . ئەمجا لە سەریەوە دەس بە یاری‌یەکە
ئەکەنەوەو هەر خۆی وەستایە . بەلام ئەگەر هەر جارێك لەم
پێنج جارەدا « خوت » بکات ئەوا لە وەستایی ئەکەوێت‌و
هیچی بۆ ناژمێردرێت وە منداڵەکەی‌تر لە سەریەوە دەس بە

یاری‌یەکە ئەکانەوە . بەم جۆرە هەتا یەکێك لە منداڵەکان لە پیشا « تەغـار » تەواو ئەکات‌و سەر ئەکەویت . سەرکەوتوەکە بە هێزی خۆی دارەکە لە ئاسمانەوە لەپەلیکەکە ئەدات ، پەلیکەکە چەند دوور بکەویتەوە منداڵە ژێر کەوتووەکە بە کۆڵ هەڵی ئەگریت هەتا ئەی‌گەیەنیتە پەلیکەکەو ئەی‌گێڕیتەوە جیگاکەی خۆی ئنجا لە سەریەوە دەس بە یاری‌یەکە ئەکەنەوە .